Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# ژیانی ئابوری جوەکانی لیوای سلێمانی (١٩٢١_١٩٥٨)


**ئاراس عبدولرەحمان مصطفی [1] - دیاری علی پیرۆت [2]**

[1-2] بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.



## پوختە:

لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم جوەکان بەشێکی پێکهاتەی دانیشتوانی کوردستانیان پێکهێناوە، ژمارەیەکی زۆریش لەجوەکان لە لیوای سلێمانیدا لە شارو گوندەکان بڵاوبونەتەوە، بەهۆی زیرەکی جوەکان لەکارو کەسابەت و خەریکبونی جوەکان تەنها بەئیش و کارەوە، ئەمە وای لە جوەکانی هەمو عێراق کردوە، بارودۆخی ئابوریان لەزۆربەی نەتەوەکانی تر باشتربێت، هەتا ئەو جوانە کە لە گوندەکان نیشتەجێبوون، ئەگەر گوزەرانیان لە موسڵمانەکان باشتر نەبوبێت، خراپتر نەبوە.

لەناو بازاڕی سلێمانیدا ڕۆژانە وەکو موسڵمانانی شار کارو کەسابەتیان کردوە، ژمارەیەک لە دوکاندارە جوەکان لەو بازاڕەدا شانبەشانی کاسب کارە موسڵمانەکان ڕۆژانە سەرقاڵی کاری بازرگانی بون، کۆڵگێری لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان کوردستاندا، پیشەیەکی دیاری جوەکان بوە، لە گێڕانەوەکاندا زۆر باسی ئەوە کراوە لەکاتی ئەو کارەدا لە نێوان شارو شارۆچکەکاندا زۆر لە جوەکان توشی چەتەو ڕێگر هاتون.

کاری کشتوکاڵی و باخداری و بەخێوکردنی ئاژەڵ پیشەیەکی تری جوەکان بوە، ئەوان کاتەکانیان بۆ ئیش و کار دابەشکردوە، بۆ نمونە لە گوندەکان چاندنی بەروبومی کشتوکاڵی لە هاویندا بوە، کارەکانی تریان وەک (جۆلایی و خمسازی) هەڵگرتوە بۆ زستان، هەرچەند زۆربەی سەرچاوە مێژوییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، جوەکانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی لەبواری کشتوکاڵیدا کەمتر کاریان کردوە، لەچاو بوارەکانی تری وەک پیشەگەری و بازرگانی، هەر بۆیەش جوەکانی عێراق پێش چونەوەیان بۆ ئیسرائیل لەڕوی خاوەندارێتی و زەوییەوە بەگشتی موڵکداری بچوک و مام ناوەندی بون و موڵکداری گەورەیان تێدانەبوە.

جوەکان دەسترەنگین بون لە بواری پیشەسازیدا، لەدیارترین کاریگەرییەکانی ڕۆیشتنی جوەکانی سلێمانی، مانەوەی پیشەی زێرنگەری بوە بۆ کورد، چونکە پێشتر کوردەکان کاری زێرنگەریان نەدەکردو تەنها جوەکان خاوەنی ئەم پیشەیەبون، خومچیەتیش یەکێکبوە لەو پیشانەی کە دوای جوەکان بۆ کورد مایەوە، بەجۆرێک هەر لە دوکانی خومی جوەکان، دەستیان بەکارکردوە.

چنین، یەکێک بوە لەو پیشە سەرەکیانەی کەوا جوەکان لە کوردستاندا شارەزاییەکی باشیان تێدا هەبوە، چنین وەک پیشەسازی تایبەت بەجوان، لە توێژینەوەکان لەبارەی کەلتوری کوردی جولەکەو لەگێڕانەوە نامەکانی گەشتیارانی سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیست باس کراوە.



## کلیلە وشەکان:

جو، ئابوری، بازرگانی، پیشە، خومچیێتی.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(2).Paper27
**Received:** 25-August-2021
**Accepted:** 19- October -2021
**Published:** 29-March-2022


**Corresponding Author's E-mail:**
aras.abdlrahman@uor.edu.krd
diary.ali@uor.edu.krd

**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

**پێشەکی:**

تا دەستپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەم و دۆڕانی دەوڵەتی عوسمانی لەو جەنگەدا، ئەم ناوچەیە، لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوە، لەدوای ساڵی ١٩١٧ ئەم ناوچەیە کەوتوەتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا، لە ماوەی توێژینەوەکەدا لیوای سلێمانی سەربە ویلایەتی موسڵ بوە، بەسەر پێنج قەزاو یازدە ناحیەو ٣٥٣ گونددا دابەشبوە، قەزاکان بریتیبون لە (سلێمانی(جەمسەری قەزا)، بازیان، هەڵەبجە، شارباژێر، ناوچەی مەرگەو پشدەر).

لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان تێکەڵییەکی زۆر هەبوە لە کوردو تورک و عەرەب و جو و مەسیحی، زمانی کوردی زمانی هەمو ناوچەکە بوە، زمانی ئارامی لەلایەن جوەکانەوە بەکارهاتوە، بەڵام جوەکان کۆنترین و گەورەترین پێکهاتەی ئاینی بون، بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەدیلگرتنیان لەلایەن بابلیەکانەوە لەسەدەی شەشەمی پێش زاینی، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم ژمارەی دانیشتوانی ناوخۆی شاری سلێمانی (٢٦) هەزار کەس بوە، لەوانە ٢٤٨٢٥ موسڵمانی کوردو ١٠٠٠ جو و ١٧٥ کەسی کلدانی تێدابوە.

وەک ڕێسایەکی لێهاتوە جوەکان ئاشتیانەترو دۆستانەتر لەگەڵ موسڵمانەکاندا ژیاون، تا لەگەڵ مەزهەبە جۆربەجۆرەکانی مەسیحی، تا کۆچی بە کۆمەڵیان بۆ ئیسرائیل زیاترلە (٢٥٠٠) جو لە کوردستان لە نزیکەی ٢٠٠ گوندی کوردستان بەپەرتوبڵاوی ژیاون، لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ پێگەی جوەکان لەهەمو شارەکانی عێراق بەرەو لاوازی ڕۆیشتوە، کۆچە بە کۆمەڵەکەیان لە ساڵی ١٩٥١ ژمارەیەکی زۆر کەمی لێهێشتونەتەوە.

**گرنگی بابەت:** بێگومان هەڵبژاردنی بابەتێک بە ناونیشانی (ژیانی ئابوری جوەکانی لیوای سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٢١_ ١٩٥٨) دەگەڕێتەوە بۆ گرینگی ئەو ماوەیە، واتە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق تاوەکو شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨، واتە سەردەمی پاشایەتییە، بەهۆی ئەوەی جوەکانی لیوای سلێمانی بەگشتی و سەنتەری شاری سلێمانی بەتایبەتی پێگەیەکی ئابوری گرنگییان لەلیواکەدا هەبوە، جگەلەوەی ئەو توێژینەوانەی تر کە لەو ماوەیەدا کراون لە لیواکەدا، زیاتر تایبەت بوە بەنەتەوەی کوردی موسڵمان، توێژینەوەی تایبەت بە بواری ئابوری کوردانی جو لەسنوری هەمو لیواکەدا بەیەکەوە نەکراوە.

**میتۆدی توێژینەوە:** بۆئەوەی بگەمە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە پەنام بردۆتە بەر میتۆدی مێژویی و ویستومە لەڕێی بەڵگەنامەی مێژویی و کەرەستەو ئامڕازو سەرچاوەکانەوە، هەندێک زانیاری مێژوی بخرێتە سەر لاپەڕەیەکی نوێ.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕوی ڕاستییە مێژوییەکانە لەماوەی دیاریکراودا، بەپشت بەستن بەبەڵگەنامەو سەرچاوەو چاوپێکەوتنە کەسییەکان و گۆڤارەکان، دەرخستنی ڕۆڵی

سەرەکی جوەکانی لیوای سلێمانییە لە بواری ئابوری‌دا، لە هەمان کاتیشدا خزمەتکردنێکیشە بەبواری مێژویی لە لیوای سلێمانی‌دا.

## باسی یەکەم: ڕۆڵ و کاریگەری جوەکان لەبواری ئابوریدا لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم:

جوەکانی سلێمانی کاری ناخۆشی وەک ڕەنگرێژی، دەباغی، مەیی فرۆشییان کردوە (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤: ١٢٢)، لەناو عێراق و وڵاتانی دەوروبەردا ناویان هەبوە لە بواری شارستانی و بازرگانی و کۆمەڵایەتیدا، چەند کەسایەتییەکی جو لەلیوای سلێمانیدا ناوبانگیان دەرکردبوە لە ماوەی توێژینەوەکەدا، بە نمونە:

١_ حاخام میرە ئەفەندی، ٢_ خواجەیەعقوب حسێنە جو، ٣_ خواجە ئیسحاق پێنجوینی، ٤_خواجە رەحیم لەیلای زەڕنگەر، ٥_ خواجە عەزیز لەیلای زەڕنگەر، ٦_ خواجە بابا قەرەداغی بازرگان، ٧_ خواجە سالح بنوشی، ٨_ خواجە حەسەن بنۆشی، ٩_ خواجە سەلمان سەداف، ١٠_ خواجە ئیسحاق موعەلیم، ئەمە دەریدەخات کە جوەکانی شاری سلێمانی کاریگەریان لە هەمو ڕویێکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بەسەر شاری سلێمانیدا هەبوە. (سالح، ٢٠٠٠: ١٠٦_١١١).

جوەکانی شاری سلێمانی خزمەتی شاریشیان کردوە، بێبەرامبەی کاری موختاریان پێسپێردراوە لەگەڕەکی خۆیاندا، موختار کاری ئەوە بو وەکو فەرمانبەرێکی میری میانگیری بکات لە نێوان هاووڵاتیانی جو و دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکان (میرزا، شوباتی ٢٠٠٦: ١٧)، ئەو موختارانە هەر لەسەردەمی تورکەکان و سەردەمی حوکمی مەلیکیدا کەسانێک بون کە نەموچەو نەدەرماڵەیان هەبوەو پیاوچاک و بە خزمەتبون، هەمو ئەو ماندوبونەیان خۆبەخش بوە، مەگەر کەسانێک وەک دیاری شتێکیان بۆ هێنابن، بۆ ژیانی خۆیان و خێزانیان لە بەرامبەر ئەو ئەرک و ئیشەی بۆیان جێبەجێکردون، لە نمونەی ئەو کەسانەی کە لە گەڕەکی جوەکان بون و ئەو ئیشەیان پێسپێردراوە ئەوانە: دانیال (شەلەمۆ)، کە لە ساڵی ١٩٣٠ز ئەو ئیشەی خستۆتە سەر شانی خۆی، موشی، ئەویش هەرچەند ئاماژە بە ساڵەکەی نەکراوە، بەڵام ئاماژە بەکاری موختارییەتی ئەو جوەش کراوە لەو ساڵانەدا لە گەڕەکی جوەکان (میرزا، شوباتی ٢٠٠٦: ١٧).

بەهۆی ئەوەش شاری سلێمانی لەو کاتەدا ناوەندێکی بازرگانی گرنگبوە، بەتایبەتیش ناوەندێکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان شارەکانی عێراق و وڵاتی ئێران بوە، کەواتە ئەو شوێنە سودی زۆری لێوەرگیراوە بۆ پێشخستنی پیشەی دەستی جو و مەسیحی و ئەرمەنییەکانی شاری سلێمانی (کوردە، ٢٠١٩: ٨٢).

لە ئاماری ساڵی ١٩٢٠زدا، کۆی جوەکانی شاری سلێمانی ٦٧٢ کەس بوە، لە ئامارەکەدا پیشەی کوڕ و پیاوانی جوی تەمەن سەروی ١٦ ساڵ بەم شێوەیە دیاری کراوە:

٣١ کەس عەتار، ٣ کەس ڕەنجبەر، ٤ کەس خەیات، ٨ کەس قەزاز، ١ کەس مەیخانەچی، ٢ کەس موعەلیمی موسەوی (مامۆستا)، ٣٣ کەس چەرچی، ٩ کەس توجار، ٦ کەس قۆڵچی و رسومات، ١ کەس مەئمور، ٤٠ کەس بەزاز، ١ کەس شاگردی بەزاز، ٥ کەس خومخانەچی، ٢ کەس سەراف، ا کەس مەیی فرۆش، ١ کەس چاوشی

پۆلیس، ٣٧ كەس زێڕنگەر، ٣ كەس شاگردی زێڕنگەر، ٦٣ كەس جۆری ئیشیان نەزانراوە، بەگشتی ئەم ئامارە دەریدەخات، كە جوەكانی شاری سلێمانی جێدەستیان لە پێشخستنی هەمو جموجۆڵێكی ئابوری لەهەمو شارو گوندەكانی كوردستاندا هەبوە (خاكی، بەهاری ٢٠٠٩: ١٣٧).

لە كۆتایی پەنجاكان و سەرەتای شەستەكان بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی هاتوچۆ لە لیوای سلێمانی دامەزراوە، لە دوای بڵاوبونەوەی پیشەی شۆفێری لە شاردا ژمارەیەكی زۆر لە جوەكان دەستیان كرد بەكڕینی ئۆتومبیل و كارپێكردنی بەنمونە، بارلیف: شۆفێرێكی جو بوە، لۆری پێبوە، ئیشی پێكردوە، لەڕێگای نێوان سلێمانی و قەڵادزە، عیسا، پاسی پێبوە لەڕێگەی نێوان سلێمانی و هەڵەبجە، عەلی جو، لۆری پێبوە، لەڕێگای نێوان سلێمانی و پێنجوین(میرزا، ئاداری ٢٠٠٦: ٢٣).

## باسی دوەم: بازرگانی و دوكانداری:

بەگشتی مێژوی خان و قەیسەرییەكان لە شاری سلێمانی زۆر كۆن نەبون، دیارە هۆكارەكەشی ئەوەیە كە هەر شارەكە خۆشی مێژویەكی كۆنی نییە وەكو شار، بەڵكو لەساڵی ١٧٨٤ز لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابان بناغەی ئەم شارە دانرا، هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە شاری سلێمانی سێ قەیسەری هەبوە، ئەوانیش قەیسەری نەقیب و قەیسەری وەسمان پاشاو قەیسەری شێخ مەحمودی حەفید بوە. شەلەمۆ كە بازرگانێكی جولەكە بوە لە قەیسەری نەقیب دوكانێكی بەكرێ گرتوەو كاری بازرگانی كردوە(مەحوی، ٢٠٠٣: ٤)، بە درێژایی كات جوەكانی عێراق و كوردستان بە كاری بازرگانییەوە خەریكبون(هەژار، ٢٠١١: ٨)، شارەزای خۆیان، دواتریش كردنەوەی ڕێگای هاتوچۆو نزیكبونەوەی عێراق لە بازاڕی جیهانی ئەوروپا وایكرد دەست بەسەر بازرگانی عێراقدا بگرن (محمد، ٢٠١٣: ٢٥٥)، بەزۆری جوەكان بازرگانی دەوڵەمەندو كاریگەربون(ماڕ، ٢٠١٠: ٣١)، لەڕاستیدا جوەكانی بەغداش زیاتر دەستیان بەسەر بازرگانی سلێمانیدا گرتبو، ئەوان زۆربەی كاڵاو كەلوپەل و پێداویستییەكانیان بۆ شاری سلێمانی دەنارد و باوەڕێكی تەواو لە نێوان جوەكان و بازرگانەكانی سلێمانیدا دروستببو(شوانی، ٢٠٠٨: ١٨)، زۆر لە جوەكانی وڵاتی هیند لە بنەڕەتدا عێراقی بون، دوای ئەوەی كۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی مافی قۆرخكردنی بازرگانی خۆی لە ساڵی (١٨٣١) هەڵوەشاندەوە، ئەمە وای لە بازرگانە جوەكانی عێراق كردوە ژمارەیەكی زۆریان ڕو لە هیند بكەن(باوەڕ، ١٩٩٩: ٥٠).

لەناو بازاڕەكانی سلێمانیدا ڕۆژانە وەك موسڵمانانی شار كارو كەسابەتیان كردوە، خەڵكی قەرزو قۆڵیان لا كردون و كاتی بەرهەم و حاسڵاتی گوندنشینەكان لە گەنم و جۆ، نۆك و نیسك، خوری و ڕۆن_ یان هاتونەتە بەرهەم، ڕویان كردۆتە شارو لە دەفتەری قەرزی دوكاندارە جوەكاندا قەرزەكانیان داوەتەوەو قوماش و سابون و شەكرو چاو پێویستییەكانی تریان لەلا كڕیون و هەندێ جار ئەو شتانە لەلای جوەكان زیاتر فرۆشراوە وەك لای حاجی و مەلاو شێخ و پیاوە موسڵمانەكانی ناو بازاڕ(ئەفەندی، شوباتی ٢٠٠٥: ١١).

ئەم لێهاتویەی ئەوان لەم بوارەدا وایکردوە وەک بەشێکی دیار لە دەوڵەمەندەکانی شار بژمێردرێن، بۆ نمونە هەستان بە هاوکاریکردنی شێخ مەحمود لە کڕینی چاپخانە لە ساڵی (١٩٢٢ز)، بە گشتی باڵادەستی جوەکان لە بواری ئابوری عێراقدا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم ٩٥% بوە، واتە بەو ڕێژەیە داهات لەبەردەستی ئەواندا بوە،١٠%ی ناردەنی دەرەوەیان لە ژێر دەست بوە، بەڵام لەماوەی جەنگی جیهانی دوەمدا بارودۆخەکە گۆڕاوەو گوزەرانی ئابوری ئەوان لە عێراقدا بەرەو لێژی ڕۆیشتوە، بۆ نمونە ١٠%ی پارەو پولی وڵات لە دەستی جولەکەکاندا بوە، ٢% ناردنە دەرەوەیان لەدەستدا ماوە، تێبینی دەکرێت لەدوای جەنگی جیهانی دوەمەوە دەسەڵاتی ئابوری جوەکان بەرەو کزی دەچێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە لەدوای جەنگەوە بەشێوازی نهێنی کەوتنە کۆچکردن بەرەو خاکی فەڵەستین(صالح، ٢٠٠٠: ١١١)، هەر بۆ زانیاریش یەکێک لە بازرگانەکانی سلێمانی لە ماوەی توێژینەوەکەدا ڕۆیشتوە بۆ (وارشۆ) کە ئەویش (حاجی ئەمینی کاکە حەمە)یە لەگەڵ بازرگانێکی جودا(بابان، ب٢٠١٢،٤ : ١٦٠).

ئەگەر بێینە سەر کاری ڕۆژانەی جوەکانی ناو شاری سلێمانی ژمارەیەک لە دوکاندارە جوەکان لە ناو دوکانەکانی قەیسەری نەقیب شان بەشانی کاسبکارە موسڵمانەکان ڕۆژانە سەرقاڵی کاری بازرگانی بون، جگەلەوەش لە تەنیشت قەیسەری نەقیب کۆڵانێکی باریک هەبوە، لەو کۆڵانەدا گەنجینەی عەمباری چەند جوێک هەبوە، لەوانە نەسیمی خواجە نەسیم و عەبدەو سەدیق، هەروەها هەندێک لە جوەکان لەو بازاڕەدا کاری فرۆشتنی شەکرو چاو نیسک و نۆک یان کردوە، هەندێکی تریشیان پیشەی عەتاریان کردوە، وەک ئەورامی جو (خەفاف، ٢٠٠٦: ٢٠_٢١).

لە یادەوەرییەکاندا دەردەکەوێت کە جوەکان زیرەک و بەتوانابون لەکاری بازرگانیدا، تەنانەت ئەو جوانەی لەلادێکانیشدا نیشتەجێبون زیاتر بەبازرگانیەوە خەریک بون، وەک کڕینی بەروبومی کشتوکاڵی و ئاژەڵی لە جوتیاران و گواستنەوەو فرۆشتنی لە شارەکان و دواتر هاوردەکردنی شەکرو چاو کوتاڵ، لە شارەکانەوە بۆ لادێیەکان، ئەو کەلوپەلانەیان یان بەپارە دەفرۆشتەوە، یان بە ئاڵوگۆڕی، جوەکان پەیوەندیان بە خاکەوە نەبو و کەمتر کاریان تێدا دەکرد، هۆکارەکەی وا لێکدراوەتەوە کە هەر بەهیوابون ڕۆژێک بگەڕێنەوە بۆ ئیسرائیل و ئۆرشەلیم(یاوەر، ٢٠٠٩: ٢٦).

باوکی ڕەزا لە یەکێک لەشەقامەکانی بازار سلێمانیدا موادی غەزائی فرۆشتوە، جوێک لە دوکانەکەیاندا ئیشی دورینی گونیەی بۆ کردون، ئەو جوە ناوی عەزیز بوە، ڕۆژێک عەزیزی جو بە ڕەزا دەڵێت: ڕەزا من دەمەوێت نهێنیەکت لا بدرکێنم و تۆش بیگەیەنیتە باوکت و قەناعەتی پێبکەیت، چونکە ئەم ئیش و کارەی باوکت قازانج و سودێکی ئەوتۆ ناگەیەنێتە باوکت و ئەرکێکی زۆر گرانیشە بەتایبەتی لەم ساڵەدا، بۆیە من لەبەرئەوەی نمەکی ئێوەم کردوەو یارمەتیتان داوم، حەز دەکەم تۆ بەباوکت بڵێی با ئەم ساڵ واز لەم کارە بهێنێت و هەرچی پارەیەکی هەیە بیدات بە (خوری)، چونکە ئەم ساڵ بە زۆری ئێمەی جو ئەو خوریە دەکڕین و دەربازی دەکەین بۆ دەرەوەی عێراق دواتر قسەکەی ڕاست دەردەچێت و نرخی خوری بەرزدەبێتەوە، لە ماوەی پێنج شەش مانگ

دا باتمانێک خوری که (٢٦) کیلۆ بو، له (٣) دیناره‌وه گه‌یشته (١٨) دینار زۆر به‌رز ده‌بێته‌وه (ئه‌مین، ٢٠٠٧ز: ٧) (بۆ زیاتر زانیاری له‌سه‌ر کارزانی جوه‌کان له بواری دوکانداری و بازرگانیدا بڕوانه: (هه‌ژار، ٢٠٠٩: ١٢٦_١٢٩). هه‌روه‌ها له میانه‌ی گه‌شته‌که‌یدا ریچ له‌باسی پێکهاته‌ی دانیشتوانی پێنجویندا باسی ئه‌و بنه‌ماڵه جوانه ده‌کات که له پێنجویندا ده‌ژین و ئیش و کاریان ده‌داته به‌ر باس و باسی کاریان ده‌کات، که بازرگانی پێسته‌و مازو شتی تر ده‌که‌ن، پێسته‌یه‌کی زۆریش له پێنجوینه‌وه بۆ هه‌مه‌دان ده‌نێرن(ریچ، ٢٠١٢ : ١٩٥).

کۆڵگێڕی له زۆربه‌ی شارو شارۆچکه‌کانی کوردستاندا پیشه‌یه‌کی دیاری جوه‌کان بوه(که‌ریمی، ٢٠٠٣: ٢٣)، له گێڕانه‌وه‌کاندا زۆر باسی ئه‌وه کراوه له کاتی ئه‌و کاره‌دا له نێوان شارو شارۆچکه‌کاندا زۆر له جوه‌کان توشی چه‌ته‌و ڕێگری هاتون، یان بۆ خۆپاراستن له‌و چه‌ته‌و ڕێگرانه ناچاربون، به‌کۆمه‌ڵ به‌ڕێبکه‌ون، زۆرجار بۆ ئه‌وه‌ی ئاغاو ده‌سه‌ڵاتداره‌کانی ناوچه‌کانیان بیانپارێزن به‌شێکی داهاتی خۆیان به‌ئاغاکان داوه، یان شتیان به‌نیوه قیمه‌ت پێفرۆشتون(حبیب، ٢٠١٠: ٧٢_ ٧٣).

له‌ناو شاری سلێمانیدا کۆمه‌ڵێک هه‌بون، که ناویان له‌ناو گه‌ڕه‌که‌کانی شاردا ده‌رکردبو به پیشه‌ی کۆڵگێڕی، واته کۆتاڵفرۆشی یه‌کێکه له ئیشه دیارو به‌رچاوه‌کان که جوه‌کان پێوه‌ی خه‌ریکبون بۆ بژێوی خۆیان پشتیان پێبه‌ستوه، له‌و باره‌یه‌وه هه‌ریه‌که له (جریوه، عه‌زه‌جو، ئوسو) کوتاڵفرۆش بون، له‌نێو کۆڵانه‌کانی شاری سلێمانیدا گه‌ڕاون و قوماشیان فرۆشتوه، هه‌ندێک له جوه‌کانیش که‌لوپه‌لی جوانکاری ژنانیان فرۆشتوه، وه‌ک ئوسو: به کۆڵانه‌کانی سلێمانیدا گه‌ڕاوه، ته‌خته‌یه‌ک به‌به‌ر کۆشیه‌وه بوه، زه‌مبیله‌یه‌کیشی به‌ده‌سته‌وه بوه، بازنی شوشه‌ی ڕه‌نگاوڕه‌نگی فرۆشتوه، زیاتر کچان حه‌زیان له‌و جۆره جوانکارییه بوه (ساڵحی ڕه‌شه، ٢٠١١: ٤٦٠).

ئه‌لیاوه جو، یه‌کێکی تر بوه له کۆڵگێڕه‌کان، شته‌کانی هه‌ریه‌ک له‌ناو پرێسکه‌یه‌ک ناوه‌و به کۆڵی داداوه، به کۆڵانه‌کاندا گه‌راوه‌و بانگی کردوه: ئاڵه‌ت، زیره، دارچینی، ده‌رزی، ده‌زو، خاشه ڕه‌نگ، گڵه سپی قنگی منداڵ (جاران له باتی بۆدره بۆ له‌شی منداڵ به‌کاریانهێناوه)، سه‌بیله جوێکیش هه‌بوه، پیاوێکی ڕیشدار بوه، به‌خۆیی و گه‌زێک و کۆڵه‌که‌یه‌وه ماڵه‌و ماڵه‌وماڵ گه‌ڕاوه، له دوایدا تێکچوه، زۆربه‌ی شته‌کانی نیوه قیمه‌ت فرۆشتوه، هه‌روه‌ها هه‌ندێکی تر له بازرگانه جوه‌کان بازنه‌ی شوشه‌و گواره‌ی زه‌ردو بابه‌تی تری ژنانیان فرۆشتوه، خستویانه‌ته سه‌ر ته‌خته‌یه‌ک و به قایشێک به‌سه‌ر سنگیان هه‌ڵیان واسیوه‌و هاواریان کردوه (کبریت)، مانای ئه‌و کبریته نازانرێت له چیه‌وه هاتوه، به‌ڵام خه‌ڵک تێگه‌یشتوه که ئه‌مه کۆڵگێڕه‌و زانیویانه چی پێیه کاتێک له ژور گوێیان له ده‌نگی بوه، سیمانه جوێکی تریش له شاری سلێمانی هه‌بوه، به ماڵانه‌وه گه‌ڕاوه، قوماشی فرۆشتوه‌و بازن و متو مورو شوشه‌و فه‌خفوری چاککردۆته‌وه به سیم و گه‌چ(حیلمی، ٢٠٠٥: ٤٢)، جوه‌کانی سلێمانی گه‌ڕه‌کێکی تایبه‌ت به‌خۆیان هه‌بوه‌و له‌وێدا خه‌ریکی کارو پیشه‌ی خۆیان بون و زیاتر به بازرگانی و ورده‌واڵه‌فرۆشی و ده‌باغی و چه‌رم ڕه‌نگکردن و دروستکردنی ئاره‌قه‌وه خه‌ریک بون(شوانی،٢٠٠٢: ٤١).

هه‌رچی سه‌باره‌ت به‌جوه‌کانی خۆشناوه‌تییه، هه‌مو ژیانیان بۆ کاری ده‌ستڕه‌نگینیی و پیشه‌زانی ته‌رخان کردبو، ئه‌و پیشانه‌ی ئه‌نجامیان ده‌دا، به‌شێکی له ماڵه‌کان و هه‌ندێکی تریان له دوکاندا ئه‌نجام ده‌دا، به‌نمونه

جوەکانی گوندی بێتواتە فرۆشگای قوماش و وردەواڵەو هەندێ دوکانی پینەدۆزی نەبێت، کە لە قەیسەری دابون یان لە بەردەمی ماڵەکانیان دوکانیان بۆ کارەکەی خۆیان دروستکردبو(عوسمان، ٢٠١٧:٤).

ئەدمۆنز ئەم پیشانە بەچاوێکی نزم تەماشادەکاو بەپیشەی سوک و نزم لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە تێیان دەڕوانێت، ئەگەر بێینە سەر چالاکی ئابوری جوەکان لە شاری هەڵەبجە، گوتراوە جیاوازی پێکهاتەی ئاینی شارەکە، فاکتەرێکی گرینگ بوە بۆ گەشەکردنی بازرگانی لە شارەکەدا، چونکە زیاتر سەرگەرمی بازرگانی و کڕین و فرۆشتن و سەڕافی و زەڕنگەری بون (سەراج، ٢٠٠٣: ٢٣)، کەمتر خۆیان بەکشتوکاڵ و ئاژەڵداری یەوە خەریک کردوە، (حەکیم خوایە، ئیسحاق ئاشێر، دانا موسا، خواجە دودە، خواجە یایە) لە بە ناوبانگترین بازرگانی جوی هەڵەبجە بون(صدیق، ٢٠٠٨: ٤٩).

## باسی سێیەم: پیشەی فەرمانبەری:

بەگوێرەی زانیارییەکان کە لە سەرچاوەکانەوە دەستمان کەوتوە، جگەلەوەی کە جوەکان کارزان بون، بەڵام ژمارەیەکیشیان لەم لایەنەشەوە کەمتەرخەمیان نەکردو(عەلی، ٢٠٠٥: ٢٤)، هەر وەک چۆن لە سەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەمان بەوەدا بۆ هاوکاریکردنی کاروباری ئیداری شار هەندێک لە جوەکان کاری موختاری گەڕەکی خۆیان خستبوە سەر شان بێ وەرگرتنی هیچ برە پارەیەک، جگە لەکاری موختاری لە سەردەمی حکومەتی شێخ مەحموددا مەئمورێک و چاوش پۆلیسێکیان هەبوە، هەروەها لە تۆماری سجلی مامۆستایانی ئەو قوتابخانانە بڵاوکراوەتەوە کە لە ساڵانی سییەکان و چل و پەنجاکاندا لە شاری سلێمانیدا خزمەتیان کردوە، لەم تۆمارانەدا ناوی هەندێک مامۆستای جولەکە هاتوە، بۆ نمونە لەتۆماری قوتابخانەی مەڵکەندی کە قوتابخانەیەکی سەرەتایی بوە، لە ساڵانی ١٩٣٠ دامەزراوە، ناوی دو مامۆستای جو هاتوە:

١_ م. فلیب بەشیر سیپون (جو)، لە ساڵی ١٩١٩ لەدایکبوە، لە ١٩٣٩/١١/١٨ز پەیوەندی بەم قوتابخانەیەوە کردوە، وەک مامۆستا، مانگی (٨) دیناری هەبوە، تا سەردەمی کۆچی بە کۆمەڵی جوەکان ئەوانە لەناو شاردا خزمەتیان کردوە(ئەحمەد، ٢٠٠٣: ٢٦).

٢_ عەزیز یوسف ساسۆن: لەدایکبوی ساڵی ١٩٢٥ز بوە، خوێندنی سەرەتایی لەشاری سلێمانی تەواوکردوە، دواتر بوە بە مامۆستا لە ١٩٤٤/١٢/١١ز پەیوەندی بە قوتابخانەی مەڵکەندییەوە کردوەو وەک پیشەی مامۆستا دامەزراوە، مانگی (١٠) دیناری هەبوە، لە ١٩٤٥/٦/١٤ فەصل کراوە، بەڵام باسی هۆکاری دورکەوتنەوەی لە پیشەکەی نازانرێت(قادر، ٢٠٠٣: ٢٦).

لەسەرژمێری ساڵی ١٩٢٠ز لەباسی سەرژمێری کارو پیشەی کوڕو پیاوانی سەروی ١٦ ساڵدا ئاماژە بەبونی دو موعەلیمی موسەوی یان (حاخام، واتە پیاوی ئاینی جوەکان) دراوە، هەرچەند یەک کەنیشتە (مەبەستی نوسەر لە ناوی کەنیشتە شوێنی پەرستشی جوەکانە) یان لە شاری سلێمانیدا هەبوە، دیارە ئەو مەلایانەی جو دەرسی دینیان لە کەنیشتەدا بە قوتابیانی جو وتوە، بەڵام جوەکان ئەو ڕۆژگارە قوتابخانەی ڕەسمی خۆیانیان لە شاردا

نەبوە، بازیل نیکتینی کوردناسیش ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە، کە جگە لە بازرگانی و چەندان ئیش و کاری دیکە، کاری فەرمی و بەرپرسیاریەتیشیان کردوە، بۆیە دەنوسێت: ((جوەکان لەلایەن ئاغا کوردەکانەوە بۆ ئەرک سپاردن و کردەی هەستیار و نهێنی بەکاردەهاتن))(نیکتین، ٢٠٠٤: ١٧٨).

بەگشتی دەتوانین بڵێین، جوەکان زۆر بەلای خوێندن و خوێندەواریدا نەچون، هەر ئەمەش وایکردوە لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا ژمارەیان بەپەنجەی دەست بژمێرێت، جاری وایە گوتراوە لە مەئمورێک و چاوش پۆلیسێک زیاتریان لەشاردا نییە، دیارە خۆیان لە قەرەی وەزیفەی حکومەت نەداوەو بەکاری ئازادەوە خەریک بون(صالح، ٢٠٠٠: ١١٠)، بەهۆی ڕێزگرتنی جوەکان لە ڕۆژی شەممەو کارنەکردنیان چەندین جو نەیانتوانیوە ببن بە فەرمانبەری حکومەت، ئەوەش یەکێکی تر بوە لەو هۆکارانەی کەوای لە جو کردوە، کەمتر بۆ کار لە کەرتی حکومیدا بڕوات (زاکین، ٢٠١٥: ٢٧٩).

جوەکانی کوردستان لە بواری پزیشکیشدا ڕۆڵی خۆیان هەبوە، زۆر لە سەرچاوەکان باس لە حەکیمەکانی جو لە شاری سلێمانی دەکەن، مەبەست لە حەکیمەکان ئەوانە بون کە لە ماڵەکاندا بەداو و دەرمانی کوردەواری چارەسەری زۆر نەخۆشیان کردوە، وەک سوتاوی و خرو گەلێک نەخۆشی تریش، هەر سەبارەت بە بواری پزیشکی جوەکان لە شاری قەڵادزێ پزیشکێکی جوی لێبوە، شارەزایی زۆری لە نەخۆشی خورو پێستدا هەبوە (شێخە، بەرواری ٢٠٢١/٢/١٣).

لە جوەکانی سلێمانی حەکیم برایم و عەزەی کوڕی عەزەی حەکیم برایم و ژنەکەی لە بواری پزشکیدا زۆر شارەزابون و گەلێک نەخۆشیا چاککردۆتەوە (بابان، ب٢، ٢٠١٢: ٤٢١)

پارێزەری پیشەیەکی پلە بەرزو جێگای بایەخ بوە لە هەمو سەردەم و حکومەتێکدا نرخی خۆی بۆ دانراوە، زۆربەی ئەوانەی ئەو بڕوانامەیەیان هەبوە وەک پارێزەرو مدیر ناحیەو بەڕێوەبەری تاپۆو کۆمەڵێک پلەو پۆستی ئیداری تریان پێدراوە، کوردانی موسڵمان و مەسیحی و جو لەسەر دەمانی حکومەتی شێخ مەحمود لە کوردستان و بەتایبەت لە سلێمانی ئەو بڕوانامەیەیان هەبوە، بۆ نمونە (ئیسحاق میر) پارێزەربوە لە سەردەمی حکومەتی شێخ مەحموداو لە جوەکانی خەڵکی ناو شار بوە(بابان، بەر، ٢٠١٢: ٤٤٠).

جوەکانی کوردستان چەند کەسێکیان لە بواری ڕۆشنبیریدا تێدا هەڵکەوتوە، ئاماژە بە هونەرمەندێکی شێوەکارکراوە، کە ناوی (دانیال قەساب) بوە (تاهیر، ٢٠٠٠: ١٠٤)، هەر سەبارەت بە هونەرمەندی شێوەکاری جو پیرباڵ دەڵێت: ((دانیاڵ قەساب (١٩١٣_ ٢٠٠٠)، یەکەمین نیگارکێشی هاوچەرخی شاری هەولێر بوە، لە ساڵانی (١٩٢٠_ ١٩٥٠) مامۆستایانی مامۆستایی ڕەسم بو لە هەولێر، یەکێک بو لە پێشەنگەکانی هونەری شێوەکاری مۆدێرن نەک تەنیا لە کوردستانی عیراقدا، بەڵکو لە سەرجەم عیراقدا، یەکەمین نیگارکێشی کوردە کە بەشێوەیەکی هاوچەرخ و ئەوروپایی کاری کردبێت، زۆربەی بابەتەکانی دیمەنی ژیانی کوردستان بوە، لە کۆتاییدا پیرباڵ دەنوسێت: ((چونکە جو بوە، لە کۆتایی پەنجاکاندا تابلۆکانی لە مۆزەخانەکانی عێراق قەدەغە کرا، دواتریش نەفی کرایەوە بۆ ئیسرائیل))( پیرباڵ، ٢٠١٠: ٢٤_٢٦).

له شاری كفری ئاماژه بەبونی ٤٠ بۆ ٥٠ ماڵی جو كراوه، زۆربەیان جوی قەرەداغ و سلێمانی بون، واته له قەرەداغ و سلێمانییەوه كۆچیان بۆ شاری كفری كردوه، كارو كاسبیان بازرگانی و وردەواڵەفرۆشی و خوم خانەیان هەبوه، له سەردەمی عوسمانیدا دەم ڕاستیان قۆجه شاوڵ بوه، كه هەڵبژێردراوه وەك ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی كفری، لەسەر دەرچونی (قۆجه شاوڵ) به ئەندای ئەنجومەن خەلیل منەوەری شاعیری خەڵكی شاری كفری ئەم شیعرەی بۆ خەڵكی شارەكەیان نوسیوه:_

ئەوساكه زانیم كفری كاوله

ئەعزای مەجلیسمان قۆجه شاوڵه

واته خەڵكی ناوچەكه ناڕازی بون، لەوەی كه جوێك پلەیەكی ئیداری گرنگ له شارەكه وەربگرێت، قایمقایم ناچار قۆجه شاوڵی له ئەندامییەتی دورخستەوه، پاش ئەو ڕوداوه صالح دانیال كه كەسایەتیەكی تری جوەكانی كفری بوه، ماوەیەك بۆته مودیری تاپۆ، زۆر ڕێزی له خەڵك گرتوه، پاش ئەویش (ئەلیاهو خدوری) دەركەوتوه، كه پیاوێكی بەخشندەو ئازا بوه (نەریمان، ١٩٩٤، ل٣٠_٣١)، لەناو جوەكانی ئەو ناوچەیه هەندێك ماڵیان تێدا بوه شانازیان به كوردایەتییانەوه كردوه، لەوانه (لاوه لێوی) و (داود موشێ) بون، كه قەرەداغی بون (نەریمان، ١٩٩٤: ٣٤).

## باسی پێنجەم: كشتوكاڵ

زۆربەی سەرچاوه مێژوییەكان ئاماژه بەوه دەكەن، جوەكانی عێراق به شێوەیەكی گشتی له بواری كشتوكاڵیدا كەمتر كاریان كردوه، لەچاو بوارەكانی تری وەك پیشەگەری و بازرگانی، بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستدان بەشێكی زۆر له جوەكانی كوردستان خاوەنی زەوی نەبون، بەڵكو وەك جوتیاری كورد لای دەرەبەگ و خاوەن زەوییەكان بەكرێ و نیوه داهات كاریان كردوه، تەنانەت هەندێكجار وەك نیمچه كۆیله لای ئاغاو خاوەن زەوییەكان ژیانی جوتیارییان بەسەربردوەو داوایان له ئاغا كردوه بیانپارێزن، بۆیه دەبینین هەمان ئەو چەوسانەوەیەی كه خاوەن زەوی و دەرەبەگه گەورەكان بەرامبەر جوتیاری كورد پێڕەویاندەكرد، بەرامبەر بەجوەكانیش پەیڕەویان كردوه(حبیب، ٢٠١٠: ٧٢_٧٣).

جێی باسه جوەكانی عێراق پێش چونەوەیان بۆ ئیسرائیل لەڕوی خاوەندارێتی و زەوییەوه بەگشتی موڵكداری بچوك و مامناوەند بون و موڵكداری گەورەیان تێدا نەبوه(حبیب، ٢٠١٠: ٨١_٨٨)، لەبارەی چالاكی كشتوكاڵی جوەكان له كوردستاندا، ئەو جوانەی له ناوچه كوردییەكاندا لەبواری كشتوكاڵیدا كاریان كردوه، بەزۆری گەنم و برنج و كونجی و نیسك و توتنیان چاندوه، لەگەڵ ئەوەشدا جوەكان بەزۆری حەزیان له كشتوكاڵی ترێ هەبوه، بەهۆی ئەوەی ترێ لەڕوی بازرگانییەوه بەهایەكی بەرزی هەبوەو خواستی زۆری لەسەر بوه، چونكه بۆ دروستكردنی مەی بەكاردەهات (براور، ٢٠٠٢: ٢٤٣_ ٢٥١)، دەربارەی جوەكانی سلێمانی، بەگوێرەی سەرچاوەكان جوەكانی قەرەداغ و شارەزور بەكاری كشتوكاڵییەوه خەریك بون، لەكۆی هەشتا خێزان له قەرەداغ

زۆربەیان کاری کشتوکاڵییان کردوە، شارەزوریش بە هەمان شێوە لە کۆی ٢٢ خێزان، زۆربەیان بەکاری کشتوکاڵییەوە خەریک بون، ئەو جوانەش کە لە دەوروبەری ماوەت و پێنجوین و هەوراماندا نیشتەجێبون، بەشێوەیەکی گشتی بەکاری کشتوکاڵییەوە خەریک بون (مەحمود، ٢٠١٢: ١٨٢).

ئەگەر بێینە سەر باسی جوەکانی ناو شاری قەڵادزێ و ناوچەکانی دەوروبەری، بەگوێرەی گێڕانەوە زارەکییەکان جوەکان لەناو شاریشدا هەبون، لە لادیکانیشدا ژیاون، جگە لەکارە تایبەتییەکانی خۆیان کە لە سەرتاسەری عێراقدا پێی ناسرابون، کاری کشتوکاڵیشیان کردوە، وەک هەرزن و گەنم و جۆ و نیسک و نۆک و چەڵتوک (ئەشکەنەیی، ٢٠٢١/٣/١٤)، هەرچی سەبارەت بەجوەکانی ناوچەی خۆشناوەتیشە، (بەژن و پیاو کوڕو کچ)ەوە، لە ئیش و کاری کشتوکاڵی و لادێدا لەگەڵ موسڵمانەکان هاوکاری یەکتریان کردوە، بە تایبەتی لە: زەوی کێڵان بە گاجوت، دێراو هەڵدانەوە بە خاکە ناس، شتڵ چاندن بەدەست، توتن داڕنین و پێوەکردن بەدەست، گەلابڕین بە تەورداس، ساوار کوتانەوە بە تەورداس، گێرەکردن بە ولاغ، کا کێشاوە بەپشتی ولاغ، هەنار ڕنین و کوتانەوەی بە دەست، گوێز وەشاندن، مەڕ بڕینەوە بە بڕینگ (دواوەیی، ٢٠١١: ٦٣)، واتە جوەکانی ناوچەی خۆشناوەتی وەکو موسڵمانەکان بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵکردن خەریکبون، لە پاڵ ئەو کارانەشدا ئیشی تایبەتی خۆیان کردوە، وەکو خومڕێژی و زۆر کاری تری خۆیان (دواوەیی، ٢٠١١: ١٣٧) (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (خۆشناوەتی(گۆڤار)، ٢٠٠٩: ٦) جوەکان گەنمی خۆیان لەعەمبار هەڵدەگرت و دەیانپاراست، چاڵێکیان هەڵدەکەندو گەنمەکەیان دەخستەناوی و بە پوش و خۆڵ دایان دەپۆشی، بۆ ئەوەی کەس نەیبنێت و بشپارێزرێت (زاکین، ٢٠١٥: ١٤٧).

شایانی ئاماژەپێکردنە بەخێوکردنی ئاژەڵیش وەک بەشێک لە پیشەی کشتوکاڵی ئەژماردەکرێت، (شماریا هو گوتمان) ١٩٠٩_ ١٩٩٦، یەکێک بوە لە نوێنەرەکانی کۆمەڵگای جوەکان لە فەلەستین، لە شوباتی (١٩٤٣) بۆ عێراق نێردراوە، ئاماژەی بە جیاوازی جوەکانی کوردستان کردوە، لە جوەکانی بەغداد، بەوەی جوەکانی کوردستان خۆیان ئاژەڵ و مەڕومالاتەکانیان بەخێودەکرد، بەپێچەوانەوە جوە دەوڵەمەندەکانی بەغدا، مەڕومالاتەکانیان دەدا بە شوانە موسڵمانەکان و بەپێی نەریتی ئەوکات قازانجەکەیان بەنیوەیی دەبو، بەلام بەشێکی زۆری جوە لادێنشینەکان لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەهۆی بێزاریان لەژیانی خێڵەکی و ئازاردانیان بۆ شارەکان کۆچیان دەکرد، ئەمە لە هەمان کاتدا هۆکاریش بو بۆ کەمبونەوەی ژمارەی جو لە ناوچە گوندنشینەکاندا، بەم شێوەیە بەشێک لە دانیشتوانی شارنشینەکان لەو کۆچبەرانە پێکهاتبون، کە لە گوندەکانەوە کۆچیان کردبو (زاکین، ٢٠١٥: ٣٠).

## باسی شەشەم: پیشەسازی

### أ_دروستكردن و فرۆشتنی مەیی:

یەک لە پیشەکانی تری جو کە لە هەمو عێراقدا پێی ناسراون، دروستکردن و فرۆشتنی مەیی بوە، کە باسی مەیی دەکرێت لە سلێمانی لە سەرەتاکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم یەکسەر ئەو لاپەڕانە هەڵدەدرێتەوە، کە باسی مەسیحی و جوەکانی تێدایە، هەر لەبەر ئەم پیشەیە جوەکان زۆر حەزیان لە کشتوکاڵی ترێ بوە، بەهۆی ئەوەی ترێ لەڕوی بازرگانییەوە بەهایەکی بەرزی هەبوەو خواستی زۆری لەسەربوە، چونکە بۆ دروستکردنی مەی بەکاردەهات (براور، ٢٠٠٢: ٢٤٣_ ٢٥١)، جوەکان لەماڵەوە عارەق و شەرابیان دروستکردوەو بەدزیەوە بەخەڵکیان فرۆشتوە، دواتر وەک پیاوانی بەتەمەنی ئەو سەردەمە گێڕاویانەتەوە، هەندێک لەو ماڵە جوانە ئێواران لە بەردەم ماڵەکانیاندا مێزو کورسیان ڕازاندۆتەوەو پێشوازیان لەمیوانان کردوەو کۆڕی خواردنەوەیان گەرمکردوە، تەنانەت لە شەوانی زستان بە گەشەو خۆشیەکی زۆرەوە پێشوازیان لە بەخێرهاتنی میوانان کردوەو فەرموی ژورەوەیان کردون و پاش سەر گەرم بونیان کراوەتە بەزم و گۆرانی وتن و هەڵپەڕکێ لەگەڵ کچانی جو (ناسراو، ئایاری ٢٠٠٣: ٣٩)، (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تێکەڵی و پەیوەندی دڵداری کچانی جو و کوڕانی شاری سلێمانی بڕوانە: (شەوقی، ٢٠٠٣: ١٤٠_ ١٧٠)

عوسمانی حەمەی نادر یەک لە کەسایەتییە بەتەمەنەکانی شاری سلێمانی دەگێڕێتەوە، دەڵێت: منداڵ بوم، تەمەنم شەش حەوت ساڵ بو، لەگەڵ چەند هاوەڵێکی ئەوسایی منداڵیم بەرەو گەڕەکی ئەوسای جوەکان دەچوین، چونکە بیستبومان بەدزیەوە عارەق وشەراب دەفرۆشن، لەڕاستیدا بۆ گاڵتەپێکردن و هوها کێشان دەچوین، بەڵام ئەوان شەوانە ئەو بەزم و ڕەزمەیان دەگێڕا، بۆیە ڕۆژانە دەست بەتاڵ دەگەڕاینەوە (ناسراو، ٢٠٠٨، ل ١٩٢)، لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا عارەق خواردنەوە بەئاشکرا نەبوە، تا ساڵی ١٩٢٥ز یەکەم مەیخانە لەشاری سلێمانیدا کراوەتەوە(شوانی، ٢٠٠٨: ٤٢).

لە چایخانەکانی موسڵمانەکانی ناو شاردا تەنیا قاوەو چای خوراوەتەوە، بەڵام لە چایخانەی گەڕەکی گاورو جوەکاندا، کە بریتیبون لە دو سێ چایخانەی تایبەت بەمەسیحی و جوەکان، کە کەوتبونە گەڕەکی گۆیژە (گاوران) و گەڕەکی جوەکانەوە، جوەکان کە بەسەرژمێر لەمەسیحییەکان زیاتربون، دو چایخانەیان هەبوە، یەکێکیان چایخانەی موشێ بوە، کە هەر لە نزیک کەنیشتەکەیانەوە بوە لەو چایخانانەدا عارەق و شەراب خوراوەتەوە، بەشێک لە موسڵمانەکانیش سەردانی ئەو چایخانانەیان کردوە بۆ خواردنەوە مەیی (مەحوی، تشرینی دوەمی ٢٠٠٢: ٣٧) (ساڵحی ڕەشە،، ٢٠١١: ٢٨٢).

هەڵەبجە ئەو شارەیە کە لەڕوی ئاوەدانییەوە لەچەرخی ڕژێمی پاشایەتیدا هاوتای شاری سلێمانی بوە، بەتایبەتی لەو سەردەمەی کە جوەکان لەو شارەدا ژیاون، هەڵەبجە ڕوگەی دڵداران و سەرمەستان بوە، تا ساڵی ١٩٥٨ (قرگەیی، ٢٠٠٦: ٤٩). ئەو شارە ناسرابو بەدیوەخانی ماڵە بەگزادەو ماڵە جوەکان، ئەوانە خۆش مەشرەف بون (عەلی، ٢٠٠٢: ١٤)، جوەکانی هەڵەبجە کراوەتربون لەچاو جوەکانی ناوچەکانی تر، هەمیشە ماڵەکانیان

جێگەی بەزم و خواردنەوە بوە، کچێکی جوی جوان هەبوە لە هەڵەبجە ناوی (شێوە) بوە، لەماڵی (شێوە) خواردنەوە هەبوە، خۆی گرتویەتییەوەو فرۆشتویەتی، ڕێگە هەبوە بۆ هەمو دۆست و ناسیاوێک بە سەربەستی لە ماڵەکەیدا بخۆنەوەو جاروباریش لەماڵەکەیدا مریشکی برژاندوەو دەنگیشی خۆش بوە(عەلی، تەموزی ٢٠٠٢، ل١٤) (هاوار، ٢٠٠٧: ١٦)، ناوی هەندێک لەو جوانەی کە پیشەی مەی فرۆشیان کردوە، لەگەڵ شوێنی کارەکەیان:_

١_ عەبەی گەورە، کە دوکانەکەی لە تەنیشت سینەما سیروان بوە.

٢_ ئادەم، ئەو پیاوەش هەر جو بوەو دوکانەکەی هەر لەڕیزی سینەما سیروان بوە.

٣_ عەبەی بچوک، ئەویش هەر دوکانی مەییفرۆشی لەهەمان شوێن هەبوە(ناسراو، ٢٠٠٣: ٤٠).

جوەکانی شاری قەڵادزێ کاری مەیی دروستکردنیان کردوە، بەڵام تەنیا بۆ خواردنەوەی خۆیان، بۆ فرۆشتن نەبوە، لەترسی موسڵمانەکان لە ناو تەندورێک شاردویانەتەوەو سەرەکەیان بە قوڕ داپۆشیوە، دواتر بەڕە یاخود ڕایەخێکیان لەسەر ڕاخستوە، لەلایەن موسڵمانەکانەوە زۆر دژایەتی ئەو کارەیان کراوە، مەلاکان فەقێکانیان هانداوە بۆ ئەوەی بچن گۆزەی مەیەکەیان لێبشکێنن (دیاکۆ، ٢٠١٠: ٣٠).

## ب: جۆڵایی (چنین)

چنین یەکێکە لەو پیشە سەرەکییانەی کە جوەکان لە کوردستان، بە تایبەتی کوردستانی عێراق، شارەزایەکی باشیان تێیدا هەبوە، جۆڵاکان کاریان لەیەکتر جیاوازە، بۆ نمونە جۆڵای جاو کاری لەپەمودا کردوە، ئەم جاوەش کراوە بە کراس و کفن، جۆڵای دوەم، کاری لە خوریدا کردوە، واتە خوری بەکارهێناوە بۆ کرداری چنین، لەموی ڕستراوی خوری جاجم و بەرماڵ و چەند بابەتێکی تر دروستکراوە، جۆڵای سێیەم، هەر کاری لەخوریدا کردوە، بەڵام لە ڕستنی خوریەکەدا تاڵی ڕیسەکە باریکترەو کراوە بە ڕانکو چۆغە، جۆڵای چوارەم، کاری لەموی ڕەش و سپی بزندا کردوە، بۆ ڕەشماڵ و خەرارو جەواڵ زۆر شتی تر بەکارهاتوە، بەڵام کاری هەمویان هەر جۆڵایی پێ دەگوترێت (دارتاش، ١٩٩٩: ٧١).

چنین وەک پیشەی تایبەت بەجوان، لە توێژینەوەکان لەبارەی کەلتوری کوردی جو لەگێڕانەوەکانی گەشتیارانی سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا باس کراوە (ئەحمەد، ٢٠٠٠: ٦٣)، کەش و هەوا و تۆبۆگرافیا (ڕوخساری زەوی) کوردستان و پەڕاوێزی گوندەکان ببوە هۆی دروستبونی ئابوریەکی داخراو، سەرچاوەیەکی گرینگی مانەوەو گوزەران بەخێوکردنی مەڕومالات بوە، کە زۆربەی پێدویستی خەڵکی پێدابینکراوە، ڕەوەندەکان برنج و گەنم و میوەیان لە جوتیاران دەستکەوتوە، لە بەرامبەریشدا بەرهەمی شیرو گۆشت و بەزو بەتایبەتی خوری و موی بزنیان داوە، ئەمانە کەرەستەی خاوی سەرەکی بون لەڕستن و چنیندا بەکاردەهاتن، بۆ دروستکردنی جلوبەرگ و فەرش و بەتانی و دۆشەک و جاجم، پیاو و ئافرەت هەردوکیان وەک جۆڵا کاریانکردوە، بەڵام جیاوازیەک لە کارەکەیاندا هەبوە، لەڕوی جۆری تەونکردن و تەکنیک و مەبەست

و نەریتیان بوە. جاران ڕەنگکردنیش بەشێک بوە لەکاری جۆلا، بەلام کاتێک ئەزمونی دەوڵەمەندترو ڕەنگی تایبەت پەیدابون، ڕەنگکردن بو بەپیشەیەکی تایبەت، کە لە ماڵ یا لە بازاڕی خومچییەکاندا کراوە، چنین وەک کارێکی پیاوانە لە کوردستانی عێراق و ئێراندا زۆر باوبوە، بەلام لە کوردستانی عێراقدا زیاتر جوەکان پێوەی خەریکبون. پیشەیەکی نەریتی بوە، لە باوکەوە بۆ کوڕ ماوەتەوە، گەلێک خێزان بژێوی ژیانیان لەسەر ئەو کارە بوە. هەندێکیان کاری تریشیان لەگەڵدا دەکرد، وەک چاندنی بەروبومی کشتوکاڵی لە هاویندا، کاری جۆلایی یان هەڵدەگرت بۆ زستان(بیری، ٢٠١٣ : ٩٣_ ٩٨).

منداڵان لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە هەوڵی فێربونی ئەو کارەیان دەدا، یەکەم جار وەک شاگرد کاریان کردوە، پاشان وردەوردە دەبون بە وەستا، هەندێکیان لە خێزانی خۆیانەوە فێری کارەکە دەبون، ئەوانی تریش لە دەرەوە، وەک لە ئەرمەنییەکان، ئەوانیش زۆربەیان بەهرەمەندو پسپۆڕو بەناوبانگبون لەو کارە، جۆلاکان دڵسۆزبون بۆ ڕاگرتنی نەریت و ستایلیان، هەندێکیشیان حەزیان لە داهێنان و شتی نوێ هەبوە، جۆلاکان سەربەخۆیانە لە ماڵەوە کاریان کردوە، عادەتیش نەبوە شەراکەتی بکەن، دەست هەقی ئەو کارە لە هەندێک ناوچە بەهێلکە، شیر، هەنگوین، توتن، گەنم و مێوژو......تاد بو، بەلام لە باشوری کوردستان عادەتەن زیاتر بە پارەبوە، ئەو دەمانەی موشتەری لۆکاڵ کەمبونەتەوە جۆلا بەرهەمی خستۆتە سەر پشتی کەرێک و بە گوندە نزیکەکاندا گەڕاوەو فرۆشتویەتی(بیری، ٢٠١٣ : ٩٣_ ٩٨).

خەڵکی شاری قەلادزێ لە سێ چین پێکهاتبو، یەکەم: چینی هەژارو زەحمەت کێش، دوەم: چینی دەرەبەگ و خاوەن زەوی، سێیەم: چینی دوکاندارو کاسب کارو خاوەن پیشەکان، کە خاوەن پیشەکان بەشی زۆریان لە جوەکان بون، پیشەی ئاسنگەری، زێرنگەری، جۆلایی، خومچێتی، پیشەی تایبەتی جو بو، ئەم چینی سێیەمە گوزەرانیان لە چینی یەکەم (جوتیار) باشتر بوە، چونکە گورزو کوتەکی دەرەبەگیان لەسەر نەبوە، جۆلاکانی شاری قەلادزێ، جاجم، پۆشەمین، بوزو یان دەرست و دەچنی، (خضر، ٢٠٠٩: ١٠_ ١١).

تا ئێستاش ئەم پیشەیە توانای زیندو بونەوەی هەیە، سودی زۆری لێوەردەگیرێت بۆ پێویستیەکانی ناو ماڵ، (وەستا بەرخەو وەستا موشێی کوڕی بەرخەو ڕەحیمە جو، وەستا یەعقوب، وەستا شەومیر، وەستا سالە جو کوڕی مالوم، وەستا میرە جو) ئەوانە لە بەناوبانگترین جولاکەری جوبون لە شاری سلێمانی دا(سالحی ڕەشە، ٢٠١١: ٣٢٠).

وەستا فەرەیدون فەرەج فەتحوڵلا، تا ساڵانێک لەمەو پێش ئەم کارەی کردوە، دوکانەکەی لە گەڕەکی سەر کارێز بوە، باسی لەوە کردوە، کە خۆیی لە ساڵی ١٩٦٠ز بۆتە شاگردی باوکی، باوکیشی شاگردی جولەکەکان بوە لە ساڵانی چلەکاندا دواتر دوکانی جۆلایی داناوە(جەزا، ٢٠٠٢: ٣٢).

## د: خومچێتی

شێوازی ئەنجامدانی کارەکە بەم شێوەیە بوە: خومخانەچییەکان قوماش و خام و بلوری و کلافە بەنی گەورەیان هێناوەو خستویانەتە ناو مەرکانەیەکی گەورەوە، ئینجا دەرمانی تایبەت (ڕەنگ) یان پێی دەڵێن (خم) کردویانەتە مەرکانەکەوە، ئاگریان لە ژێردا کردۆتەوە، پاشان دەریان هێناوەو هەڵیان خستوە، تا وشکبوەتەوە، ئیتر ئەو ڕەنگەی بیان ویستبا دەیگرت، بێگومان هەمو جۆرە ڕەنگێکیان هەبوەو لە کاتی پێویست دا بەکاریانهێناوە(دواوەیی، ٢٠١١: ٢٣).

سوراح و لەیلا دو ژنی جوی قەڵادزێ بون، جلوبەرگی خەڵکی ناوچەکەیان خمکردوە، کاری ئەو دو ژنە بەم شێوەیە بوە، کوپەیەکی گەورەیان لەزەوی گرتوە لە شێوەی تەندور، ئەو قوماشەی کە دەکرا بە جلوبەرگ لەو خومەیان هەڵکێشاوە، دوای ئەوەی قوماشەکە ڕەنگی گرتوە، دوریویانە، زۆرێک لەو ژنانەی کە بەبوکبراون، جلوبەرگیان بەم شێوەیە بۆ ئامادە کراوە (دیاکۆ، ٢٠١٠: ٣١).

هەر لە سەرەتای دروستبونی شاری سلێمانییەوە گەلێک پیشە لە ناو شاردا پەیدابوە، ئەم پیشانە کاریگەریان هەبوە بەسەر شاری سلێمانییەوە، تاوەکو کردویانە بە بنکەیەکی سەرەکی پیشەسازی و بازرگانی، پیشەی خومخانەچیەکانیش یەکێکە لەو پیشە دێرینانەی کە ساڵانێکی دورو درێژە لە بازاڕەکانی شاری سلێمانی و گوندو لادێکانی کوردستان دا هەیە، هەتا ئێستاش ئەم پیشەیە لە هەندێک جیگادا ماوەتەوە، دیارە یەکێکیش بوە لەپیشەی سەرەکی جوەکانی هەمو کوردستان و سەلیقەو بەهرەیەکی باشیان لەم کارەدا هەبوە (ئەحمەد،٢٠٢١/١٢/١٣)، جاران شوێنی خومخانەچییەکان لە شاری سلێمانی لە تەنیشت ئاسنگەرەکان بوە، ئەو جوانەی کاتی خۆی لەو گوزەرەدا کاریان کردوە: (ماشێ لاوە، ساسۆن شالوم، ڕەحیم داود، ئەبرایم بابیل)، ئەوانە لە بەناوبانگترین جوە خومچییەکانی شارەکە بون، جاران شارو لادێکانی کوردستان، وەکو ئیستا گەورەنەبون، ڕوەو شارستانی نەچوبون، ژیان سادەو ساکار بوەو خەڵکەکەش هەژاربون، وەکو ئێستا قوماش و جلوبەرگی نوێ نەبوە، لەبەرئەوە تاکە قوماش لە بازاڕدا هەبوە (خام) بوە، لەبەرئەوە خامیان ڕەنگکردوەو کردویانە بەجلوبەرگ و عەباو بلوزو گۆرەوی و پوزەوانە .... هیتر (کەریم، ئەیلولی ٢٠٠٠: ٤١) .

لەدوای (خام) (جاو)یان ڕەنگکردوە، کردویانە بە جلوبەرگ، پاشان بە هۆی باشبونی باری ئابوریو گوزەرانی خەڵک و پەیدابونی جموجۆڵی بازرگانی، جوەکان دەستیان بەکارێکی تر کردوە، ئەویش هێنانی قوماش بوە بۆ ناو شاری سلێمانی و دواتر لە قوماشی حازر جلوبەرگیان دوریوە (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٨)، نرخی خومکردنی جلوبەرگ جیاواز بوەو جاروباریش گۆڕانی بەسەرداهاتوە، لە سەرەتادا کراسێک بەعانەیەک خومکراوە، پاشان بوە بە ٢٠ فلس، دواتر بوە بە (١) دینار(کەریم، ٢٠٠٠: ٤١).

## ج: زێڕنگەری

لەزۆربەی سەرچاوەکاندا باسی دەوڵەمەندی جوەکانی کوردستان دەکرێت، لەهەر شارو ناوچەیکدا ژیابن خاوەنی خان وقەیسەری و دوکان و موڵکی تایبەتی خۆیان بون، لەشاری هەڵەبجەدا (٥٢) دوکان هەبون، جوەکان خاوەنی (٢٠) دوکان بون، لەو بازاڕەدا، کاری زێڕنگەری و قوماشفرۆشی و بازرگانیان کردوە، جوەکان لە شاری هەڵەبجەدا پلەی یەکەم بون لە بازرگانیدا، کۆمەڵێکیان بازرگانی گەورە بون(خاکی، ٢٠٠٩: ١٦٠).

بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان و وەک لە گێڕانەوەکاندا باس کراوە، زۆرترین جو بەم کارەوە سەرقاڵبون، لە ئاماری ساڵی ١٩٢٠ز لە ناو سەنتەری شاری سلێمانیدا ئاماژە بە (٣٧) کەس لە پیاوانی جو کراوە، کە پیشەی زەڕنگەریان کردوە، (٣) لە پیاوانیش شاگردی زێڕنگەر بون (سالح،٢٠٠٠: ١١١)، یەعقوب یەکێکبوە لەو پیاوە جوانەی کاری زێڕنگەری کردوەو لە بێتواتە لە گەڕەکی سەر مل، ئەو پیاوە لە شاری هەولێرو موسڵ زێڕی بە قالب هێناوەو لە دوکانەکەیدا بە کورەی تایبەت و ئامێری تایبەت قالبە زێڕەکانی تواندۆتەوەو نەخشاندونی و کردویەتی بەم پارچە زێڕانە: (گوارە، ملەگۆ، ئاڵقە، بازنە، خەزێم.....هیتر(دواوەی، ٢٠١١،ل ٢٥) بڕوانە: (کادریان، ٢٠٠٥: ٨٩).

زێڕنگرە جوەکان هەمبانە (موشەدەمە)یان بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی کورەی ئاگر بۆ توانەوەی زێڕ، هەمبانە بریتییە لە کەوڵی بزنێکی نێر، کە دەیان گورو لە دوای سەربڕین لە ملیەوە گۆشتەکیان دەهاوردە دەرەوە، بە ئاو مازوی کوتراو پێستەکە خۆشدەکراو دواتر وشک دەکرایەوە، ملەکەیان بە دو تاڵ بەن دەبەست، دوای خۆشکردنی پێستەکە هەروەک بزنەکەی لێدەهاتەوە، دواتر دەکرا بە موشەدەمە بۆ کورەی ئاگر زێڕنگرەکان بەکاریان دەهێنا (دارتاش، ١٩٩٩: ١٧)، زیاتر کاری زێڕنگەر جولەکەکان توانەوەی زێڕی کۆن و دروستکردنەوەی پارچەی نوێ بوە، خەڵکی گوندی بێتواتە ئەو کاتەی ژنیان مارەکردوە، پارچە زێڕێکیان ئەگەر لە شار کڕیباو بەدڵیان نەبا، بردویانەتە لای جوێکی گوندەکیان بەناوی (ئیفرایم)، بۆ ئەوەی بۆیان بتوێنێتەوەو پارچەیەکی تری بە دڵی خۆیان بۆ دروستبکاتەوە (دواوەی، ٢٠١١ : ٢٥).

وەستا حەیا، وەستا یەعقوب، ئیسحاق، وەستا سلێمان، هارون، لەدیارترین جوە زێڕنگرەکانی قەڵادزێ بون، لەدوای ئەوانیش پیشەکە بۆ خەڵکی شارەکە ماوەتەوە (دیاکۆ، ٢٠١٠،ل٣٠) حاجی بریم لە ساڵانی چلەکاندا شاگردی جوەکان بوە، پارەشی پێداون بەس بۆ ئەوەی فێری ئەو کارە بێت، تا دەرکردنی جوەکان لەم شارە لەگەڵ ئەوان ئیشی کردوە، بەگوێرەی گێڕانەوەکان غەشیان لەکاردا نەکردوە، لەڕوی ئابوریەوە وەزعێکی مادی باشیان هەبوە، زۆرجار جوەکان پارەی خۆیان لای کەسێکی باوەڕپێکراوی موسڵمان داناوە بۆ ئەوەی بەشەو بەسەریاندا نەدەن و لێیان نەدزن، هەر لەشاری قەڵادزێ جگەلە زێڕنگەری دوکانی شەکرو چاو وردەواڵەفرۆشیان هەبوەو گرانجان نەبون، شتیان بەهەرزانتر لە موسڵمانان فرۆشتوە(یوسف، ٢٠٢١/٤/١)، زێڕنگەرەکان ئاڵقەو دەرزیلەو گوارەیان بۆ کچانی لادێ دروستکردوە، بۆ ژنانی شاریش کرمۆکەو لاگیرەو

سەربسکەو ژێرچەنەو چۆچەو ئەنگوستیلەیان دروستدەکرد، خشڵی ژنە لادێیەکان زۆربەی لە زیو دروستدەکران(خضر، ٢٠٠٩: ١١).

ڕەفائیلی جو، سەرەتا لە ماڵی ڕەفیق حیلمی کاری بەردەستی کردوە، دواتر دەبێت بە یەکێک لەزێڕنگەرە بەناوبانگەکانی شاری سلێمانی، کەسێکی ڕیش درێژو بالآبەرز بوە(حیلمی، ٢٠٠٥: ٤١).

باسی زێڕنگەری جو لەشاری پێنجوینیش دەکرێت، دوکانی جوەکان لە قەیسەری و شوێنە باشەکاندا بوە، لەگەڵ موسڵمانەکاندا ڕێکوپێک و گونجاو بون (کادریان، ٢٠٠٥: ٨٩)، بونی جوەکان لە پێنجویندا کاریگەری هەبوە بۆ بڵاوبونەوەی زۆر لە پیشەکان وەک، ئاسنگەر، چەقۆ دروستکەر، ناڵبەند، مسگەر، زێڕنگەر(فتاح، ١٩٧٣: ١٨_ ١٩).

یەکێک لەو ناوچانەی تر لە لیوای سلێمانی دا کە جوەکان تێیدا نیشتەجێبون، گوندەکانی بناری کۆسرەتی سەر بە قەزای دوکان بوە، جو لە گوندی گردەبۆرو بنگردو مەلا ئۆمەردا هەبوە، بەڵام لەئێستادا بەهۆی دروستکردنی سەدەی دوکان ئەو گوندانە شوێنەواریان نەماوەو کەوتونەتە ژێر ئاوەوە، شەمعون خەڵکی کۆیە بوە، وەک دەستگێڕ وابوە، هێناویانە بۆ میرزا ڕۆستەم، لەوێ بازن و ملوانکەو هەندێک پارچەی زێڕی بۆ دروستکردون، ئەو پارچە زێڕانەی شەمعون دروستیکردبو، بەباشترین زێڕ دەرچو لە بازاڕدا(ئەحمد، ١٥ /٣/ ٢٠٢١).

## ئەنجام:

١_ ئەگەرچی زۆر باس لە پێکەوەژیان و نزیکی کوردو جولەکە دەکرێت، بەڵام جوەکان هەوڵیانداوە کەمێک خۆیان لە دانیشتوانی ناوچەکانیان بەدوربگرن، بەجۆرێک کە نەیانویستوە تێکەڵبن، لەترسی دروستبونی کێشەو تێوەگلان، جگە لەسلێمانی لە زۆربەی ناوچەکان تێبینی ئەوە دەکرێت کە گەڕەک و پەرستگاو شوێنی مانەوەی جوەکان تاڕادەیەک کەنارگیربوە، لە شوێنی گشتی و زۆرینەی موسڵمان، ئەمەش ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە سەرەڕایی گونجانی کۆمەڵایەتی لەنێوان زۆرینەی کوردی موسڵمان و جودا، بەڵام هەمیشە ئەگەری ناکۆکی و بەریەککەوتن ئەگەرێکی کراوە بوەو جوەکان خۆیان لەم ئەگەرە پاراستوە.

٢_ لەئەنجامی ئەو توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو ڕاستیەی کە جوەکان لەم لیوایەدا کەسانی دەوڵەمەندو دەستڕۆیشتو بون، خەڵکانی هەژاریان کەمبوە، زۆریش شانازیان بەپیشە دەستییەکانی خۆیانەوە کردوە.

٣_ کاری کشتوکاڵی و بەخێوکردنی مەڕوماڵاتدا کارێکی تری ئەوان بوە، بەڵام ئەو کارەیان زیاتر تایبەتبوە بەجوە لادێ نشینەکان، لە بواری کشتوکاڵیدا بەزۆری گەنم و برنج و کونجی و نیسک و توتنیان چاندوە.

٤_ بەهۆی ئەوەی شاری سلێمانی لەو ماوەیەدا ناوەندێکی بازرگانی بوە، بەتایبەتی ناوەندێکی ئاڵوگۆڕی نێوان شارەکانی عێراق و وڵاتی ئێران بوە، بۆیە ئەو شارە سودی زۆری لێوەرگیراوە بۆ پێشخستنی پیشەی دەستی جوەکان لەم ناوچەیەدا.

# Economic Life of the Jews of the Sulaimani Brigade (1921-1958)

**Aras Abdurahman Mstafa**
Department of History, College of Humanites, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** aras.abdlrahman@uor.edu.krd

**Diary Ali Pirot**
Department of History, College of Humanites, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** diary.ali@uor.edu.krd

**Abstract:**

In the first half of the twentieth century, The Jews formed a part of the Population of Kurdistan, and a large number of Jews in the Sulaimaniyah Brigade spread throughout the cities and villages, as well as the Jews' intelligence about their work and personality and the preoccupation of the Jews only. By work, this has generally made the Jews of all Iraq better off in their economic situation than most other nations, even if the Jews who lived in the villages did not get worse if they did not live better than the Muslims.

In the Sulaimaniyah bazaar, they worked daily as Muslims in the city, and a number of Jewish shopkeepers in the bazaar, along with Muslim businessmen, were busy with business daily. In many cities and towns in Kurdistan, Geri was a prominent Jewish profession, and it has been mentioned in the narrations that many Jews have faced gangsters and obstacles between cities and towns.

Agriculture, horticulture and animal husbandry were other Jewish occupations, and they distributed their time to work, for example, in villages planting agricultural products in summer, and other jobs such as livestock and bending. For winter, although many historical sources point out, Iraqi Jews have generally worked less in agriculture than in other fields such as industry and commerce, so the Jews of Iraq have advanced to Israel. In terms of ownership and land, they were generally small and medium-sized property, and they did not have large property.

The Jews were great in the industry, and in the most obvious effects of the departure of the Jews in Sulaimaniyah, it was the remaining goldsmith's career for the Kurds, because the Kurds had not done goldsmiths before. Only the Jews had this job, and Khomeini was one of the jobs that remained for the Kurds after the Jews, in a way that they started working in every Jewish khomeini shop.
Knitting was one of the main professions in which Jews in Kurdistan had good experience, knitting as a Jewish industry, in research on Kurdish Jewish culture and in narrating the letters of tourists of the nineteenth and first half of the twentieth century.

**Keywords:** Jews, Economic, Business, Industry, Khomeini.

## سەرچاوەکان:


صاڵح، سدیق.(٢٠٠٠) گەڕەکی جولەکان لەتۆمارێکی کۆنی شارەوانی سلێمانیدا، هەزارمێرد(گۆڤار)،ژ(١٤).

عەلی، سەلمان.(٢٠٠٥) کوردستانی عێراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، پێشەکی و پێداچونەوەی سدیق صاڵح، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

ئیدمۆندس، سیسیل جۆن.(٢٠٠٤) کورد تورک عەرەب، و. حامید گەوهەری، چ٢_ هەولێر، موکریان.

ئەحمەد، هاشم سەید.( ٢٠٠٠) چەمچەماڵ لە یادەوەریم دا، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

بابان، جەمال.(٢٠١٢) سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب ١،٢، چ٢، چاپخانەی ئاراس_ هەولێر.

بابان، جەمال.(٢٠١٢) سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب٢، چ٢، _هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

بایەزیدی، مەلا مەحمودی.(١٩٨٢) داب و نەریتی کوردەکان، وەرگێڕانی لە ڕوسیەوە شوکریە ڕەسول، بەغداد.

بیری، ئورا شۆرتز.(٢٠١٣) جوەکانی کوردستان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی یەوە گۆران سەباح، چ١، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

حیلمی، ناهیدە رەفیق.(٢٠٠٥) بیرەوەری، بەسەرهاتی ڕەفیق حیلمی، پێداچونەوەو دارِشتنەوە کەژاڵ ئەحمەد،، سلێمانی، چاپخانەی ڕون.

خضر. م رسول.(٢٠٠٩) قەڵادزێ و بیرەوەریەکانم، چ١، سلێمانی، چاپخانەی ژیار .

دواوەی، بەختیار محەمەد ئەمین.(٢٠١١) جولەکەکانی کوردستان، پێداچونەوەی حەمید ئەبوبەکر بەدرخان، چ١، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.

ریچ، کلاودیوس جەیمس.(٣٠١٢) گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە محەمەد حەمە باقی، ب١،چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

زاکین، دکتۆر موریدخای.(٢٠١٥) جولەکەکانی کوردستان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی یەوە سیروان حسێن بییەیی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،-هەولێر.

ساڵحی ڕەشە، ئەکرەمی مەحمودی.(٢٠١١) شاری سلێمانی ٢٠٠ساڵ، پێداچونەوەو پێداچونەوەو پێشەکی د. عیزەدین مستەفا رەسول، ب١، چ٣، سلێمانی، چاپخانەی رەهەند.

سەراج، عەبدوڵڵای سۆفی کەریمی.(٢٠٠٣) سەربازێکی ون لە تاکە کۆمارەکەی کوردستاندا، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، سلێمانی، چاپخانەی بەدرخان.

شوانی، د. ئاکۆ عەبدولکەریم.(٢٠٠٨) شاری سلێمانی ١٩٣٢_١٩٤٥، چ١، سلێمانی، چاپخانەی تیشک.

شوانی، ئاکۆ.(٢٠٠٢) سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩١٨_ ١٩٣٢، چ١، سلێمانی، چاپخانەی زانست.

صدیق، عادل.(٢٠٠٨) هەڵەبجە ١٨٨٩_ ١٩٣٠ لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی سیاسیە، چ١، سلێمانی، چاپخانەی تیشک.

عوسمان. بەختیار محمدئەمین.(٢٠١٧) خۆشناوەتی لە سەدەی بیستەمدا، چ١، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

فتاح، شاکر.(١٩٧٣) گەشتی پێنجوین لەساڵی ١٩٣٠، لە ڕیزی نوسراوەکانی گەشت و گوزار، ژ (٣).

کادریان، ئەحمەد عەلی پێنجوینی.(٢٠٠٥) ناوچەی پێنجوین لە ئاوێنەی ڕۆژگاردا، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

مار، فیبی.(٢٠١١) مێژوی نوێی عێراق، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی یەوە حەمە شەریف حەمە غەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، چ١، _ هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

مصطفی، نەریمان.(١٩٩٤) بیرەوەریەکانی ژیانم،، بغداد، دار الحرية الطباعة.

ناسراو، مارف(٢٠٠٨) بۆ کەلتوری شارەکەم، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

نیکتین، بازیل(٢٠٠٤) کوردو کوردستان، وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، ب١، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

هاوار، محەمەد رسول(٢٠٠٧) بیرەوەری، ئامادەکردنی صدیق ساڵح، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

هەژار، مام(٢٠١١) چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی کۆیە، چ١، کۆیە، سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخش.

هەژار، مامۆستا(٢٠٠٩) چێشتی مجێور، چ٣، هەولێر.

براور، اريک(٢٠٠٢) يهود کردستان، نقلة الى العربية: شاخوان کرکوکی و عبدوالرزاق بوتانی، ط١، اربيل، مطبعة وزارة التربية.

حبيب، د. کازم(٢٠١٠) اليهود والمواطن العراقية او محنة يهود بين الاسر الجائر واتهجير القسری، ط ٢، السليمانية، مطبعة مؤسسة حمدی للطباعة والنشر،.

کورده، برزان أحمد(٢٠١٩) مؤجز تأريخ يهود کوردستان، ت: عمر رسول شينکی، ط١، السليمانية، مطبع کارۆ.

مەحمود، بەختیار سەعید(٢٠١٢) لیوای سلێمانی ١٩٢١_ ١٩٥٨ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوییە لە بارودۆخی ئابوری، نامەی دکتۆرای بڵاونەکراوە، زانکۆی کۆیە .

ئەمین، ڕەزا تۆفیق محەمەد(٢٠٠٧) جولەکەیەکی خەڵکی شاری سلێمانی نهێنی بازرگانی لا درکاندم، سلێمانی (گۆڤار)، ژ (٨١)، ئایار.

ئەحمەد، ئەحمەد حسێن(٢٠٠٣) قوتابخانەی مەڵکەندی یان دەروازەی تیشکەکانی شار، سلێمانی(گۆڤار)، ژ(٣٤)، ئایار.

ئەفەندی، حسقێل شموئیل(٢٠٠٥) بیرەوەریەکانم لە سلێمانی و هەڵەبجە، سلێمانی(گۆڤار)، ژ (٥٥)، شوبات.

جەزا، دالیا(٢٠٠٢) جۆلایی لە سلێمانی، سلێمانی(گۆڤار)، ژ (٢٨)، تشرینی دوەم.

حەمە کەریم، دڵسۆز(٢٠٠٠) خومخانە وەک پیشەیەکی دێرین، سلێمانی(گۆڤار)، ژ (٤)، ئەیلول.

خەفاف، عەبدولکەریم عەبدولرەحمان(٢٠٠٦) خاوەن دوکانەکانی قەیسەری نەقیب، سلێمانی (گۆڤار)، ژ (٦٧)، شوبات.

قادر، محەمەد ئەحمەد(٢٠٠٥) بیرەوەری سەردەمی لاویم، سلێمانی(گۆڤار)، ژ (٦٠)، تەموز.

میرزا، بەیان عبدولرەحمان(٢٠٠٦) موختارەکانی شاری سلێمانی تا ساڵی ١٩٥٤، سلێمانی(گۆڤار)، ژ (٦٧)، شوبات.

میرزا، بەیان عبدولرەحمان(٢٠٠٦) ئۆتومبیل چیە کۆنەکانی شار لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠_ ١٩٦٠ز، سلێمانی(گۆڤار)، ژ (٦٨)، ئادار.

مەحوی، سۆران(٢٠٠٢) چایخانەو قاوەخانەو گازینۆکانی لەمەوبەری شار، سلێمانی(گۆڤار)، ژ (٢٨)، تشرینی دوەم.

مەحوی، سۆران(٢٠٠٣) خان و قەیسەریەکانی سلێمانی_ بەشی دوەم، سلێمانی(گۆڤار)، ژ (٣٤)، ئایار.

مەحوی، سۆران(٢٠٠٥) زەڕنگەرەکانی شاری سلێمانی، سلێمانی(گۆڤار)، ژ (٥٨)، ئادار.

ناسراو، مارف(٢٠٠٣) مەیخانەکانی شاری سلێمانی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ(بەشی یەکەم)، سلێمانی(گۆڤار)، ژ (٣٤)، ئایار.

باوەڕ. ئەحمەد(١٩٩٩) هۆکارەکانی کۆچ کردنی جولەکەو جولەکەکانی ڕۆژهەڵات و کوردستان بۆ ئیسرائیل، گەلاوێژی نوێ(گۆڤار)، ژ(١٦).

تاهیر، عبدوڵلا(٢٠٠٠) دۆسیەیی ڕۆشنبیری جولەکەکانی ئەم ناوچەیە، گەلاوێژی نوێ(گۆڤار)، ژ(٢٠).

قرگەیی، زانیار سەردار(٢٠٠٦) دیدار (لەئەرشیفی مامۆستا کەریم زەندەوە)، هەڵەبجە (گۆڤار) ژ (٨)، کانونی یەکەم.

عەلی، شێخ(٢٠٠٢) چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی هەڵەبجە، هەڵەبجە(گۆڤار)، ژ (١)، تەموز.

پیرباڵ، فەرهاد(٢٠١٠)دامەزرێنەری هونەری شێوەکاری مۆدێرن لە کوردستانی عێراق، ئیسرائیل_ کورد(گۆڤار)، ژ (٩)، شوبات.

یاوەر، عەزیز(٢٠٠٩) جوەکان ئەندازیاری ئاوەدانی شاری خانەقین بون، وەرگێڕانی. عەدنان شێخانی، ئیسرائیل_ کورد(گۆڤار)، ژ(٦)، نۆڤەمبەر.

دیاکۆ(٢٠١٠) ئاوڕدانەوەیەکی مێژویی بۆ نیشتەجێبونی جو لە دەڤەری پشدەر، ئیسرائیل_ کورد(گۆڤار)، ژ (١٤)، تەموز.

خاکی، داود(٢٠٠٩) جولەکەکانی کوردستان، کورد_ ئیسرائیل(گۆڤار)، ژ (١)، ساڵی یەکەم، ئایار.

بێ ناوی نوسەر(٢٠٠٩) پێشینەیەکی جوگرافی و مێژویی و دیموگرافی ناوچەی خۆشناوەتی، خۆشناوەتی (گۆڤار)، ژ(١)، پایز.

محمد، نعمة عبد الخالق جاسم(٢٠١٣) دور یهود العراق فی النشاط التجاری(١٨٣١_١٩١٤)، الدراسات التأریخیة والحضاریة(مجلة)، المجلد (٥)، العدد(١٥)، ازار.

ئەحمەد، مەحمود حاجی بەرواری ٢٠٢١/٣/١٥، چوارقورنە.

شێخە، مصطفی سەلیم، بەرواری ٢٠٢١/٢/١٣، قەڵادزێ.

مینە، عومەر محەمەد ئەمین، بەرواری ١٣/ ٢/ ٢٠٢١، قەڵادزێ.

یوسف، سەدرەدین ئیبراهیم، بەرواری ٢٠٢١/٤/١، قەڵادزێ.

ئیبراهیم، ئەحمەد محمود حمد، بەرواری ٢٠٢١/٢/١٣، قەڵادزێ.

ئەحمەد خدر ئەحمەد، ١٤/ ٣/ ٢٠٢١، قەڵادزێ.